# هەفتەنامەی فیدراسیۆن

ژمارە 14

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFDR www.federasion.org

هەفتەنامەی فیدراسیۆن ، بلاوکراوەیەکی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

10 ی شوباتی 2008


## چالاکیەکانی فیدراسیۆن لە فنلاند !

دوابەدوای خۆپیشاندانی بەرواری 25/ 1/ 2008 فیدراسیۆن لە شاری هێلسنکی ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەگەری بلاوکرایەوە ڕوو بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە لە ڕێگەی دەزگای هەواڵنێری فنلاندەوە نێردراوە بۆ هەموو ئەندامانی خۆیان کە زیاتر لە 200 ڕادیویٚ و ڕۆژنامەو گۆڤارە کە تائیستە ئێمە ئاگاداری بلاوکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم ڕاگەیاندنەین لەلایەن چەند ڕۆژنامەیەکەوە ، ئەم هەنگاوە لە ئاستێکی بەرچاودا توانی کێشەی ئەم سیٚ پەنابەرە بباتە نیو دەزگاکانی ڕاگەیاندن. هاوکات سکرتاریەتی فیدراسیۆن نامەیەکی ئاڕاستەی وەزرات ولایەنە پەیوەندارەکان کرد، کە لەسەرچاوەیەکی باوەرپێکراوە ئاگادار کراینەوە کە وەزراتی کۆچ لە ڕێگەی ئیدارەی کۆچەوە لیکۆلێنەوە لەسەر ئەم کێشەیە دەکات و هەر لەمابارەشەوە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 8/ 2 بەرپرسی لیکونەوەی ولاتان لەلایەن ئیدارەی کۆچەوە .... Dبۆ لاپەرە 3

## فیدراسیۆنی پەنابەرانی لەکەندا لەگەڵ فیدراسیۆنی عەرەبی کەنەدی کۆبووەو لەسەر کاری هاوبەش بۆ یارمەتی دانی پەنابەرانی عیراقی !



## مۆژدەی پێکهاتنی ڕیکخراوەی ((مافی نیشتەجیبوون بۆ هەمووان))

...... Dبۆ لاپەرە 2

### لە سوریای دۆزەخی ئاوارە عیراقەیەکانەوە ، پرسیارێك

### بەشی دووهەم و کۆتایی

لەبەشی یەکەمی ئەم باسەدا ئاماژەمان بەوەکرد کە چۆن لە ئەنجامی نەبوونی ماف وپیێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بەشیێک لە کچانی پەنابەر بۆ پەیداکردنی بژیۆی ژیانیان ناچار بە ڕوکردنە بازاری لەشفرۆشی دەبن و هاوکات چۆن یوئێن و حکومەتی سوریاو عیراق وەک سیٚ گۆشەیەک مامەڵە بە ژیانی پەنابەرانەوە دەکەن وشانیان لەژێرباری هەرجۆرە بەرپرسیەکدا خالی کردوتەوە. کەواتە ئێستە جیگەی خۆیەتی ئەوپرسیارە بکەین کە ئایا فیدراسیون وەک ڕێکخراوێکی پەنابەری هەلۆیستی چیە لەپەیوەند بەم کێشانەو چۆن ولەچ ڕێگەیەکەوە دیەویێت دەخالەتی هەبێت لە گۆڕینی ژیانی ئەم ئینسانانەدا ؟ بەرلەهەرشیێتک ئەوە بلێن کەلاوازی کاروهەلسوڕانی فیدراسیۆن لەم مەیدانەدا تایبەت نیە تەنیا بەم قوناغەوەو سالەهایە لەمبارەوە ئێمە ڕووبەڕووی کیێشەو لاوازیەکی تایبەت بوینتەوە. بەلام قۆناغی پاش ڕووخانی حکومەتی بەعس جیێخالی بوونی هەلسوڕانمان ڕوو بەکەسانیێک کە لەخوارو ناوەڕاستی عیراقەوە ئاوارەبوون زۆر بەرچاوتر بەدی دەکریێت . لەهەرحالدا بۆ ڕیێکخراویێک کە لەجغرافیای سیاسی ولاتیێکدا کار دەکات کە پیێی دەلێن عیراق ، دەبیێت بۆ گۆرینی ئەم دۆخە لە شویێنیێکەوە دەست بەریێت بۆ ئەو سەرەداو ڕیگەو ڕەوشتانەی کە دەتوانیێت کۆتای بەم قۆناغە بهیێنین و بچیێنە سەر سکی خۆی .

**کەواتە چۆن و لە کویێوە دەست پیٚ بکەین ؟**

لەماوەی چەند سالی ڕابردودا سوریاو ئۆردن زۆرترین ڕیێژەی پەنابەرانی عیراقی ڕوویتیێکردوە کە زیاتر لە دوو ملیون کەس دەبیێت. کە پیێویستە ئەم فیدراسیۆنی لەسەر بنیاد بنریێت ..... Dبۆ لاپەرە 3

سەردانی ماڵ پەڕی فیدراسیۆن بکەن : www.federasion.org

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

### فیدراسیۆنی پەنابەرانی لەکەنەدا لەگەڵ فیدراسیۆنی عەرەبی کەنەدی کۆبووەوە لەسەر کاری هاوبەش بۆ یارمەتی دانی پەنابەرانی عیراقی !

رۆژی 30/1/2008

فیدراسۆنی پەنابەرانی عیراقی لە کەنەدا کە پێهاتبوو لە جەلال سەعید لێپسراوی فیدراسیۆن پەنابەران لە کەنەدا و خەندە زاهیر ئەندامی فیدراسیۆن لە بەشی گەنجان و هەروەها هاوڕێ حەسەن ئەحمەد هەوەک میوان ئامادەی ئەم کۆبوونەوەیە بوو .

لەم کۆبوونەوەیەدا کە دوو سەعاتی خایاند دوو تەوەرە قسەوباسکرا بەشی یەکەم لەسەر ئەوەی کە چۆن لە ڕووی سیاسیەوە بتوانین پشتیوانی بۆ پەنابەرانی عیراقی بەدەست بهێنین، لەمبارەوە بەرنامەمان دانا کە دانشتن لەگەڵ حکومەتی کەنەدا بکەین و سەردانی ئەو ئەندام پەرلەمانانە بکەین کە لە پەرلەمان لەئیشوکاری پەنابەری بەرپرسن. هەروەها نووسینی نامەیەکی هاوبەش بۆ پشتیوانی کردن لە پەنابەرانی عیراقی و ڕاکێشانیان . تەوەری دووەم قسە لەسەر کاری هاوبەشکرا کەچۆن بتواین یارمەتی پەنابەرانی عیراقی بدەین لە چەشنی سپۆنسەرکردنی زۆرترین پەنابەری عیراقی و دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانیان لەکاتی گەیشتنیان بە کەنەدا وەلێکۆلینەوە لەو ژمارە زۆرە فراوانەی پەنابەرانی عیراقی کە لە سەفارەتاکانی کەنەدا ڕەفزدەبن .

فیدراسۆنی پەنابەرانی عیراقی لەکەنەدا

iraqifederation@yahoo.ca
Te:- 0015198411816
Fax:- 0015198271047

**فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی پێویستی بە کۆمەکی مالی ئێوەیە !**

" " " " " " " " " " " " "

**بەدەستهینانی خواستەکانمان و سەرکەتنمان لەگرەوی یەکگرتنی ریزەکانمان و هاتنەمەیدانماندایە !**

### موژدەی پێکهاتنی ڕیکخراوەی (( مافی نیشتەجیبوون بۆ هەموان ))

فیدراسیۆن لەسویسرا ، لەگەڵ گەورەترین بەرەی خەباتی مافەکانی پەنابەران .... ڕیکخراوەیەکی نوێ پێکدەهێنن ..

ماوەیەکە لە سویسرا بزوتنەوەی پەنابەری بە ئامانجی یەکگرتووکردنی ریزەکانی بەرامبەر هێرشەکانی دەوڵەتی سویسرا سەرقاڵی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ڕادیکاڵی سەرتاسەرییە، ریکخراوە پان و پۆرەکانی وەک نتۆرکی دژی ڕاسیزم لە زوریخ ئاوگن ئاوفی سویسرا، نەقابەکریکاریەکانی جنیف، فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەسویسرا، سۆزراسیزمی فریبۆرگ، سوسیالیستەکانی لۆکارئۆ بەشی ئیتالیا ، سولدارتی سەنسفرۆنتی، لەگەڵ دەیان ڕێکخراوەو هەلسوراوانی بزوتنەوەی پەنابەری لە وولاتانی وەک ئیران و ئەفغانستان وسۆمال... بەدوای چەندین کۆبوونەوەی سەراسەری و لەئاستی کانتۆنەکاندا، بریاری پێکهاتنی ڕێکخراوەی (( مافی نیشتەجێبوون بۆ هەموان ))درا لەلایەن فیدراسیۆنەوە جەمال کۆشش و شەهاب سالم بەشداری کۆبوونەوەکان ببوون ئامانجە گرنگەکانی بریتین لە :

1 /مافی نیشتەجێبوون بۆ سەرجەم ئەو پەنابەرە بیوەلام و بێناسنامانەی لە سویسرا دەژین .

2 / گورینی حاڵەتیی ئێف ( ئیقامەی کاتی )) بۆ مافی نیشتەجێبوون بە دائیمی .

3 / وەستانەوە بەرەو ڕووی یاسای تازەی پەنابەری لە ڕیگای خزمەت و ڕینوێنی کردنی ئەو پەنابەرانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە. چ بەڕیگای گورینی بوجەی نانخواردان بەپارە ڕێکخراوەکە لە پەنابەران بکرێتەوە، چ بەڕیگای دامەزراندنی ناوەندی خۆرایی خواردن ، کافتریا و چێشتخانە ، وە لە ڕیگای یەکەم یاسایی و دانی ڕێنوێنی و گرتنی محامی یەوە ...

4 / هێنانی خێزان و یەکگرتنەوەی هاوسەرو ئەندامانی خیزان .

5 / وەستانەوە لەبەرامبەر ڕاسیزم و ڕاسیزمی ڕۆژانەو پتەوکردنی پەیوەندی نیوان دانیشتوانی سویسرا ... چالاکیەکانی دامەزراندنی ویب سایت. دەرکردنی بلاوکراوەیەک بەزمانی ئەلمانی وفەرنسی، خۆپیشاندانی ڕۆژی پەنابەران لە 23/ 6 / 2008، وە هەر کانتۆنە پێویستە کە ستراکتۆری ئۆرگانی خۆی پێکبهێنێ ... وەک بریارە بەدوای ناوەندی مانگی 3 وە فیدراسیۆن لە سویسرا دەستبداتە زنجیرەیەک چالاکی جۆراوجۆر لە خۆپیشاندان ومانگرتن و دیداری حزب و لایەنەکان و پەرلەمانتارانی سویسرا، سەرەڕای پشتیوانی ڕێکخراوەکە، کۆبوونەوەی داهاتوویان لە 2008/3/15 دەبیت بۆ ئەوەی هەموو هێزی خۆیان لەو کاروبارەنەدا بخەنە گەڕ بۆ بەسەرکەوتن گەیاندنی تیکۆشانەکانی فیدراسیۆن .

سکرتاریەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە سویسرا
2008 / 2 / 7

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**درێژەی لە سوریای دۆزەخی ئاوارە عیراقیەکانەوە ، پرسیارێك**

ئەمە جگە لەوەی کە سەدان هەزار کەسیکە ئاوارە ولاتانی تری وەک میسرو عەرەبستانی سعودیەو میرنیشنەکانی کەنداو بوون. کە لەسەختترین دۆخدا ژیان بەسەردەبەن. کە دیارە هەلوێستەی ئێمەو کارکردنمان لەسەر سوریا تەنیا دەتوانێت خالێ دەست پێکردن بێت ولەگەل چونە پێشەوەی هەر هەنگاوێکمانا نەخشەیەکی دەکرێت زۆر ووردترو سەرتاسەری تر بەدەستەوە بگرین بۆ هەموو پەنابەرانی تری عیراقی لەم ولاتانی تری ناوچەکەدا .

پێش هەرشێتک ئەوە بلێن کە لەئێستەدا کارکردن لەسەر پەنابەرانی عیراقی لە سوریا ناکرێت لەسەر بنچینەی کەیس و تەلیکس و کاری فەردی یا هێنانی ژمارەیەکیان بۆ ولاتانی ئەوروپا بێت، چونکە پرسیارەکە ئەوەیە کە گرێکوێرەی سەرەکی و هەر ئێستەی ئەم ئینسانە چیە ؟ پەنابەران لەم ولاتانەدا لە دۆخێکدا دەژین کە کچانی پەنابەر ناچارن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان پەنابەرن بۆ لەشفرۆشی و مندالەکانیان لە نەبوونی خویندگاو خستەخانە رەنج دەبەن و جیاواز لەمانەش پشتیان لەژێر باری گرانی ئەو کۆمەلە مەرجە سەخت وگرانانەدا چەماوەتەوە کە لەسەر پەنابەران دایانناوە، لەوانە وەرگراتنی ڤیزاو دانانی رەسیدی پارە لەبانک . هەربۆیە بازنەی سەرەکی هەر پرۆژەیەکی سەرکەتوو کە بتوانێت بەکردەوە دەخالەتی هەبێت لە باشترکردنی ژیانی ئەم ئینسانانەدا، ئەوا هەمان ئەو مەسەلانەی کە باسمانکرد دەکاتە هەوینی گۆرانکاری لە ژیانی ئەم ئینسانانەدا .

هەربەم پێیە ئەولەویەتێک کە پێویستە کاری لەسەر بکەین بەم شێوەیە : -1 فشارهێنان و ناچارکردنی یوئین بۆ وەلامدانەوە بە نیازی پەنابەران و جێ بەجێکردنی هەمان ئەو ماف خزمەتگوزاریانەی کە ئەم ئۆرگانەی لەسەر بنیاد نراوە. 2 – فشارهێنان بۆ حکومەتی سوریاو ئۆردن بۆ هەلپێچانی هەرجۆرە ئاستەنگی و مەرجێک دژ بە ماوەنەوەی پەنابەران. -3 کردنەوەی پرۆژەی خزمەت گوزاری بۆ پەنابەران لەرێگەی نیهادە نیونەتەوەیەکان ... بەتایبەت لەپەیوەند بەکردنەوەی خویندنگاو خستەخانەو ناوەندی فیرگوزاری وپاراستنی ژنان ومندالان لە توندو تیژی و.... کەدیارە یەکێک لە گرنگترین و فەوریترین هەنگاوەکان بۆ عەمەلی کردنەوەی وەها نەخشیەک نبیادنان وادەمەزراندنی نووسیگەی فیدراسیۆنە لە سوریا بۆ جێخستنی ئەم نەخشەیەو کۆکردنەوەی پەنابەرانی عیراقی لە دەوری فیدراسیۆن وئەولەویتەکانی.

بەلام ئایا وەها پرۆژەیەک چۆن و بەچ میکانیزمێک دەبرێتە پێشەوە ؟

..... بۆ لاپەرە 4

## چالاکیەکانی فیدراسیون لە فنلاند

دوابەدوای خۆپیشاندانی بەرواری 25/ 1/ 2008 فیدراسیۆن لە شاری هێلسنکی راگەیاندنێکی رۆژنامەگەری بلاوکرایەوە روو بە دەزگاکانی راگەیاندن کە لە رێگەی دەزگای هەوالنێریەکانی فنلاندەوە نێردراوە بۆ هەموو ئەندامانی خۆیان کە زیاتر لە 200 رادیوێ و رۆژنامەو گۆڤارە کە تا ئیستە ئێمە ئاگاداری بلاوکردنەوەی ناوەرۆکی ئەم راگەیاندنەین لەلایەن چەند رۆژنامەیەکەوە کە ئەم هەنگاوە لە ئاستێکی بەرچاودا توانی کێشەی ئەم سێ پەنابەرە بباتە نیو دەزگاکانی راگەیاندن. هاوکات سکرتاریەتی فیدراسیۆن نامەیەکی ئاراستەی وەزرات و لایەنە پەیوەندارەکان کرد ، کە لەسەرچاوەیەکی باوەرپێکراوە ئاگادار کراینەوە کە وەزراتی کۆچ لە رێگەی ئیدارەی کۆچەوە لێکۆلینەوە لەسەر ئەم کێشەیە دەکات و هەر لەماوارەشەوە رۆژی هەینی رێکەوتی 8/ 2 بەرپرسی لێکۆنەوەی ولاتان لەلایەن ئیدارەی کۆچەوە بەریز Antero Leitzinger دانیشتیکی لەگەل ریبوار عارف و بەریز Ulf Emeleus رێکخست کە ئەمە کورتەی قەسەوباسەکانی ئەو کۆبونەوەیە: سەرەتا بەریزUlf Emeleus چەند پرسیارو بابەتیکی خستە روو بە مەبەستی وورژاندنی قسەو باس لەسەر بەهانەیەک کە ئیدارەی کۆچ لە پەیوەند بە ئاسایش بوونی ئیرانەوە هەلوێستی لەسەرگرتووە دواتر بەرێز Antero پاساوەکانی خۆیانی راگەیاند لە بارەی بوونی ئاسایش لە ئیراندا . پاشان رێبوار عارف سەرباری ناساندنی هەولەکانی تائیستەی فیدراسیۆن بۆ هەلپساردنی بریاری دیپۆرتکردنەوەی ئەو سێ پەنابەرە، دواتر قسەوباسێکی هەمەلایەنەی لەسەر باری ئاسایشی ئیران و دوا روداوەکانی چەند مانگی رابردو مەسەلەی دەستگیری کردنی شەپولی خوێندکاران و سزادانی هەلسوراوانی کریکاری و ژنان و اعدام کردنی پۆلی پۆلی لاوان لە شوینە گشتیەکان و.... لە بەشی کۆتای ئەم قسەوباسەکاندا چەند بەشیکی یاسای سزادانی حکومەتی جمهوری ئیسلامی ئیرانی خستە روو بۆ سەلماندنی ئەو مەترسیانەی کە رووبەرووی پەنابەرانێک دەبکەنەوە کە دیپۆرت دەکرینەوە . لە تەوریکی تردا ریبوار عارف پیچەوانەبوونی ئەم بریارەی ئیدارەی کۆچی لەگەل رێکەتنامەی جنیفی 1951 و یاساکانی مافی نیشتەجێ بوونی فنلاند نیشاندا . لە دوا بەشی قسەوباسی بەرێزیز Antero Leitzinger دوای کرد کە هەر جۆرە بەلگەنامەیەک لەسەر نەبوونی ئاسایش لە ئیران و مەترسیەک کە رووبەرووی ئەو کەسانە دەبیێتەوە کە دیپۆرت دەکرێنەوە داواتان لێ دەکەین و ئارەزوومەندین کە بە دەستمان بگەیەنن چونکە دەتوانن کاریگەیەکی زۆریان هەبێ لەسەر چاوگیرانەوە بە کەسی ئەو کەسانەدا . شایەنی باسە لێرەدا رایگەیەنین کە راگرتنی بریاری دیپۆرت کردنەوەی ئەم چەند پەنابەرەو دووبارە چاوگیرانەوە بە کەیسەکانیاندا سەرکەوتنێکی گەورە لە کاری فیدراسیۆن نیشان دەدات و لێرەدا دەستخۆشی لە هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەین کە لەم کەمپەینەدا بەشدریان کردوەو دەبێت کارمان درێژە پێبدەین بۆ پاشەکشەی یەکجارەکی بە ئیدارەی کۆچ و حکومەتی فینلاند سەبارەت بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران .

سکرتاریەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە فنلاند

**2008 / 2 / 9**

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاسۆ تی ڤی میبەری داکۆکییە لەماف و داخوازیەکانی پەنابەران ، ئاسۆ تی ڤی دەنگ و رەنگی بەرەی پیشکەتووخوازی کۆمەلگایە لە پیناو کۆتایی هێنان بە دەردو میحنەتەکانی پەنابەریتی تیدەکۆشیت، ئاسۆ تی ڤی هەوڵ دەدات لەریگەی بلاوکردنەوەی بەرنامەکانییەوە پشتیوانی و هاوکاری بۆ کێشەکانی پەنابەران رابکێشیت . ئاسۆ تی ڤی میبەری داکۆکی کردنە لە مافەکان ژنان و مندالانی پەنابەرو تیدەکۆشێت بۆ تێکەڵ بوون بە دەستکەوتەکانی کۆمەلگاتی هاوچەرخ . ئاسۆ تی ڤی ئاسۆی پەنابەران و بزوتنەوەی پەنابەرییە .

ئاسۆ تی ڤی دەنگی ئیوەیە هاوکاری و پشتیوانی بکەن .

بەرنامەکانی ئاسۆ تی ڤی رۆژانی

سێ شەممە 11.30 بۆ 12.00

14.30 بۆ 15.00 بە زمانی عەرەبی .

14.00 بۆ 14.30

17.00 بۆ 17.30 بە زمانی کوردی

رۆژانی چوار شەممە بەرنامەکان دووبارە دەکرینەوە

دەتوانن بەرنامەکانی لەسەر ئەم ئادرسە تەماشا بکەن .

**Satellite**
**Hotbird 8:**
**Orbital Position: 13 degrees Eas**
**Transponder: 14**
**Downlink Frequency: 11 470**
**Downlink Polarity: Vertical**
**FEC: 5/6**
**Symbol Rate: 27,500**

بۆ پەیوەندی کردن بە ئاسۆ تی ڤی یەوە بەژمارە تەلەفون و ئیمەیلە بکەن
**00447895636633**
**Aso_tv@yahoo.com**


## دەتوانن پەیوەند بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە

**دەشتی جەمال**
d.jamal@ntlworld.com
**جەمال کۆشش**
jamal-hasan@hotmail.com
**بابان عسمان:**
badasoz74@hotmail.com
**جاسم غفور**
jasm_rg@yahoo.couk
**عمر ئەمین**
omaramin8@hotmail.com
**ئاسۆ گۆران :**
asobalabarz116@hotmail.com
**سۆزان حسین :**
irakco@hotmail.com
**رێبوار عارف :**
fediraq@welho.com

## ناونیشانی پۆستی سکرتاریەت

**IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK**
" " " " " " " " " " " "


هەفتەنامەی فیدراسیۆن بخوێننەوەو بیگەیەنن بەدۆستان وئاشنایانی دەوروبەرتان، راپۆرت و هەواڵ و چالاکیەکانی خۆتانی بۆ بنێرن و پرسیارو پێشنیارەکانتان بخەنەروو ، بەدڵنیای لەبەرچاویان دەگرین و وەڵامیان دەدەینەوە !


سەرنووسەری هەفتەنامەی فیدراسیۆن
رێبوار عارف **Tel: 00358 440464905**


دریژەی **لە سوریای دۆزەخی ئاوارە عیراقەیەکانەوە** ، **پرسیارێك** ...1- بەبروای من سکرتاریەتی فیدارسیۆن لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا پێویستە نەخشەو پیلانی خۆی لەمباوە دیاری بکات و بەتایبەت لەکاتێکدا کە سەرخەتی ئەم باسە وەک پرۆژەیەک بگرێت بە دەستەوە ئەوکاتە پاش ووردکردنەوەی خاڵ بەخاڵی پێویستە بەهەمان شێوە لە دابەشکردنی کاری سکرتاریەتدا بەرپرسی کاروباری فیدراسیۆن لە ولاتانی دراوسیٚ دیاری بکات و هەروەها نوینەری فیدراسیۆن لە یوئێن دیاری بکرێت بۆ ئەوەی کە بەشێوەیەکی بەردەوام بەدواچوونی هەبێت لەسەر کەیسی ولاتانی دراوسیٚ و کارەبارەکانی تری فیدراسیۆن بەشیوەیەکی گشتی. 2- سکرتاریەتی فیدراسیون لە زووترین کاتی ممکیندا لیژینەیەک بنیریت بۆ سوریا و ئۆردن بۆ دانوسات لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی و لایەنە بەرپرسەکان لەبارەی کێشەکانی پەنابەرانەوە... 3- دارشتنی پرۆژەیەکی گەورە بۆ یارمەتی دانی پەنابەران لە سوریا کە تایبەت بیت بە مەسەلەی پەروەردەو فێربوون و تەندروستی و مەسەلەی توندوتیژی دژ بە ژنان ومندالان . لە کۆتایدا پیویستە ئەوەش بلێن کە هەموو ئەمانە لەکاتێکدایە کە پیویستە سکرتاریەتی فیدراسیۆن خۆی بۆ راگەیاندنی کەمپەینێکی تەبلیغاتی فراوان ئامادەکردبێت و هەروەها دەورو جێگەو ریگەی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە کەنەدا وەک هەولیکی سەرەتای و هەنگاو هەڵهێنانەوەیەکی عەمەلی لەمبارەوە لەبەرچاوبگیریت و بەهێز بکریت !

رێبوار عارف 8 / 2 / 2008

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com